# مەلا عومەری چنگیانی بۆ ستاندەر دەدوێت

## وتارە گەرمەکانی مزگەوتی ئیمان، هەڵەشەیی پێوە دیاربوو



فۆتۆ: ستاندەر

م. عومەری چنگیانی

**ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بەگشتی، و لە پەنا ئەوەشەوە سەلەفییەت (ئەگەرچی خۆیان دژی ئەو ناولێنانەن) لە کوردستاندا لە قاوغێکی گۆڕاودا بەردەوام بوو، دەربارەی جیاوازی و تێڕاونینەکانی سەلەفییەت و ئاستی رامیاری پارتە ئیسلامییەکان و گۆشە تایبەتییەکانی ژیانی ستاندەر ئەم دیمانەتایبەتەی لەگەڵ ڕێبەری یەکەمی ڕەوتی سەلەفییەت لە کوردستان م.عومەری چنگیانی ساز کرد:**

**بەشی دووەم و کۆتایی**

دیمانەی:
فەرمان ڕەشاد و صەباح عومەر

**ستاندەر: جیاوازی نێوان سەلەفی سیاسی و مەدخەلی چییە؟.**

**عومەر چنگیانی:** دەکرێ ئەم پرسیارە ئاراستەی کەسانی دیکە بفەرموون کە کاتیان زۆربێ و بەوشتانەوە سەرقاڵ بن، بەڵام ئەگەر مەبەستت بە کەسایەتی (د.ربیع المدخلی)یە، لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە لێی ئاشنام و کابرایەکی زانایە و ڕەنگە هەندێ تێبینیشم لەسەر بۆچوونەکانی هەبێت، ئەگەرجەنابیشتان بزانن کاتی خۆی لە مزگەوتی ئیمان، لە ساڵی١٩٩٢و١٩٩٣دا، زنجیرە وانەیەکم هەبوو بەناوی(ڕێبازی پێغەمبەران بۆ بانگکردن بۆخوا پڕیەتی لەحیکمەت و عەقڵ) دووسەرچاوەم لەبەردەستابوو بەوناونیشانە، کە یەکێکیان هی جەنابی مەدخەلی و ئەوی دیکەیان هی(موحممەد سرور)بوو و خوای گەورە بە میهرەبان بێت بەرامبەر هەردووکیان و دووماموستان، لە نێوان زانایانیشدا لە کۆنەوە کێبڕکێی و ململانێی زانستی هەربووە و هەردەشبێت، خوای گەورە لە ئایەتی١١٨و١١٩ی سورەتی (هود)دا، رووی گوتاری دەکاتە پێغەمبەری خۆشەویستمان موحەممەد، درود و سڵاوی خوای لەسەربێت و دەفەرموێت: (ولوشاء ربك لجعل الناس أمة واحدة ولايزالون مختلفين، إلا من رحم ربك ولذلك خلقهم..). واتە: گەربوایە و خواکەی تۆ خواست و ویستی ببوایە، مەردمگەل گشتیانی دەکردە یەك ئوممەت، بەڵام بە بەردەوام رایان لێك جودا دەبێت، مەگەرکەسێك کە خوای گەورە میهرەبانی لێکردبێت، بۆئەو میهرەبانی و فرەرایەتییەش دروستی کردوون).

**ستاندەر: جیاوازی سەلەفی و وەهابیەت چییە؟.**

**عومەر چنگیانی:** کە منداڵ بووم ئەو جۆرە قسانەمان دەبیست و جار وباریش لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانمدا ڕووبەڕووی ئەو جۆرە پرسیارانە بوومەتەوە، بەڵام چاوەڕێم نەدەکرد لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیرییەوە پرسیاری ئەوهام ئاراستە بکرێت، دەکرێ ئەو جۆرە پرسیارانە لە کابرایەکی عەقڵ کورتی گێلە پیاو بپرسن کە بڕوای وابێت بیر و هزرەکان بە تاکەکانەوە گرێدرابێت، چونکە من بڕوام بەوەنییە بە موسڵمانان بگوترێت (موحەممەدی) بەڵکو دەبێ پێیان بگوترێت موسڵمان، کە خوای گەورە وای ناو ناوین و بەس(ملة أبيكم إبراهيم، هوسماكم المسلمين من قبل، وفي هذا، ليكون الرسول شهيدا عليكم، وتكونوا شهداء على الناس)٧٨الحج). واتە: (ئەمە میللەتەکەی ئیبراهیمە و خوا ناوی ناون موسڵمان، لە پێشدا و لەم ئاینەیشدا، بۆئەوەی پێغەمبەر ببێتە گەواه بەسەرتانەوە و ئێوەیش ببنە گەواه بەسەر مەردمگەلەوە)، دەنا ناوبردنی هەڵگرانی بیر و هزرێك بەناوی زانایەکەوە، ئەوەدەگەڕێتەوە بۆ بەرامبەرەکانیان، دەگەڕێتەوە بۆئەوانەی کە ناوزەدکردنەکە دەکەن، ئەگەر مەبەستیشتان بەوە بێت، کە بۆچ بەو کەسانەی کە لە زانستی (موحەممەدعبد الوهاب) سوودمەند بوون، دەگوترێت وەهابی؟ ئەوە هەڵەیەکە و نەیارەکانیان کەوتوونەتە نێوی، چونکە ئەوەمەدح و پێداگوتنە نەوەك لێگوتن، ئەگەر عەرەبی دەزانن رستەی(عبد الوهاب) وەپاڵدان(إظافة)ی وشەی عەبدە بۆ (وهاب)، کەوابوو ئەگەر مەبەست بەوەبێت بگوترێت شوێن کەوتانی ئەوپیاوە دەبوو بگوترێت(محمدين)، چونکە (عبدالوهاب ناوی باوکێتی نەوەك ناوی خۆی بێت)کە گوترا (وەهابیین) واتە: ئەوانەی سەر بەوەهابن، کە وەهابیش ناوێکە و سیفەتی بەخششی زۆرتێدایە و لە سێ جێگەدا لە قورئاندا بۆخوا هاتووە، سەیرێکی ئایەتی هەشتی سورەتی ئالی عیمران بکەن، دەفەرموێت: (وهب لنا من لدنك رحمة إنك أنت الوهاب) و لە ئایەتی نۆی سورەتی (ص) دا دەفەرموێت: (أم عندهم خزائن رحمة ربك العزيز الوهاب) و لە ئایەتی سی و پێنجی سورەتی (ص)دا دەفەرموێت:(وهب لي ملكا لا ينبغي لأحد بعدي إنك أنت الوهاب)، لە هەرسێ جێگەکەدا(وهاب) بەسیفەت و بەناوی خوا دادەنێت، وەك مێژووی ئەو وشەیەیش دەکرێ بگەڕێنەوە بۆهەندێك لە نووسینی

> ڕێز لە حزبە ئیسلامیەکانی بەشداری پەرلەمان و حکومەت دەگرم

نەیارەکانیان لەسەردەمی عوسمانیەکاندا، وەك ئەوانەی(شێخ دەحلان)یان بگەڕێنەوە بۆنووسینی هاوچەرخی یارەکانیان وەك (شێخ موحەممەد جەمیل زینۆ) زۆر وەڵامتان دەست دەکەوێ و جارێکی دیکەیش دەڵێم: ڕێزم لێگرتن دەنا ئەو جۆرە پرسیارانە لەلای من زۆر بێ بەهان.

**ستاندەر: سەلەفییەکان بۆچی هەمیشە واناسراون لەگەڵ دەسەڵاتن؟.**

**عومەر چنگیانی:** لای کێ واناسراوون؟، خۆیان کێن؟، نامەوێ بچمە ئەو درێژە پێدانەوە، بەڵام ڕێگەم پێبدەن تەنها ڕووداوێکتان بۆ باس بکەم، دەڵێن: لە هەشتاکاندا ماموستایەك کە سازمانێکی شۆڕشگێڕی دەبێت، لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان، جارێك دوو کەس هەوڵی کوشتنی دەدەن و پاسەوانەکانی ئەمیش دەیان گرن و کە دەیانهێننە پێش، لێیان دەپرسێ، بۆ هەوڵی کوشتنم دەدەن؟، ئەوانیش دەڵێن: فلان کەس ناردووینی تیرۆرت بکەین چونکە تۆ جاشی فلان وڵاتیت و مووچەی مانگانەیان لێ وەردەگریت!، گوایە ماموستاکەیش، بە دوو نێرراوەکە دەڵێت: مووچەتان چەندە؟، ئەوانیش دەڵێن: ئەمەندەیە، ئەویش پێیان دەڵێت: دە لە پاسەوانەکانی من بپرسن بزانن مووچەیان چەندە؟، بەڕێزەکان بڕۆنەوە بە ئاغاتان بڵێن: هەمان ئەوهێلکۆپتەرەی مووچە بۆئێمەدێنێتە فلان شوێن، هەرئەوە کە بۆ ئێوەیشی دەهێنێت لە و وڵاتەوە!، بەڵام من تۆزێ لە خوادەترسم بە باشی دەیدەمە پێشمەرگەکانم و ئەوەی لای ئێوە ستەمتان لێ دەکات و دەشتان خەڵەتێنێت. من حەز ناکەم لەوەڵامەکانتان دا بکەومە نێو ململانێی رامیاری، بەڵام بەڕێزینە، ئەگەرکۆمەڵە زانایەك بەوەناسرابن، کە خۆیان تووشی هەڵەشەیێتی ناکەن و نابنە ئاژاوەگێڕ و گێرەشێوێنی کۆمەڵگا و شتەکەیان دیارە - کە بەداخەوە وتاری گەرمی مزگەوتی ئیمانم، زۆرجار لەگەڵ ڕێتمی زانایان نەدەگونجا و زۆریش سەرەیێتی و هەڵەشەیی پێوە دیاربوو - دەڵێم: ئەگەر زانایان بەوەناسرابن وەلایان هەیە بۆدەستەڵاتی ناو وڵاتیان، ئێمەی کورد وەك نموونە، لە بەدوودا چوون هەڵدانەوەی فایلەکاندا، ڕەنگبێ زۆرێك لەوانەی دیکەیش هەر پیاوی دەستەڵاتەکان بن و ئەگەر زانایەك نزدیکی دەستەڵاتەکەی لای خۆیبێت و بڕوای وابێت وەلی ئەمر بەنەسیحەت و ئامۆژگاری باشترچارەسەری کێشەکان ئەگەر نەش بێت، لەڕێگەیەوە کەمتر دەبێتەوە، ڕەنگبێ ئەوانی دیکە بەفیتی وڵاتی دراوسێ بشەڕێنن و بئاشتێنن و وەزیر لەملا دانێن چونکە(خزمان) قەبووڵیانە و وەزیر لەولا بکێشنەوە چونکە(خزمان) قەبووڵیان نییە، دەکرێ بگەڕێنەوە بۆ ساڵی١٩٩٧ چۆن لە ماوەی مانگێکدا، ئەوانەی رووە و سەنگەربوون لەگەڵ یەك و لە یەکیان دەکوشت، لە پڕێ بوونە برا و حکوومەتیان پێکەوە دروست کرد!، باشە ئەوانە ئەگەر لە دەستەڵات نزدیك نەبن بارەگا و کەناڵ و ئیشەکانیان بەچی دەڕوا بەڕێوە، جارێکی دیکەیش دەڵێم: حەزم نەدەکرد ئێوە بمخەنە نێو ئەم پرسیارانەی کە ڕەنگبێ پێتان خۆشبێت.

**ستاندەر: بۆچی سەلەفییەت لەناوخۆشیاندا ناکۆکن؟، هەندێکیان رایان هەیە لە بەشداربوون لە سیاسەت وەك ئەوانەی بەحرێن و کوێت و هەندێکیان زۆر دژی بەشداربوونن، وەك ئەوانەی میسر و یەمەن بۆچی؟.**

**عومەر چنگیانی:** دەکرێ ئەم پرسیارە ئاراستەی ئەوانە خۆیان بکەیت، بۆ رای جیاوازیش ئەوە سوننەتی خوایە لە ژیاندا، زۆر پارتی سیاسی ئایینی لە کوردستاندا لە ماوەیەکی کەمدا بوونە چەند بەش و کەسیان بەمەنی ئەوی دیکەیان ناپێویێ و بگرە لە پرسە و ناخۆشی یەکدیدشدا ئامادەنابن، یان ڕێگە بە ئامادەبوونی یەکتر نادەن، ئەوەی ئێوە لێی دەپرسن، رای جیاوازی کۆمەڵێك زانایە و پێغەمبەر، درودی خوای لەسەربێت وای فێرکردووین کە زانای بڕوادار لە ئیجتیهادەکەیدا ئەگەر پێکای، دووپاداشتی هەیە و ئەگەر نەی پێکا پاداشتێکی هەیە، من زۆر کاتی ئەو بە دوودا چوون و ململانێیەم نییە و سوپاس.

**ستاندەر: ئێستا کێ بەنوێنەری سەلەفی دەزانیت لە کوردستان؟.**

**عومەر چنگیانی:** سەلەفیەت کراس نییە بکرێتە بەری تاکێك و ئەندامێتی حزب نییە، تانەبیتە ئەندام لەدەرەوەی جەماعە دابنرێیت، بەڵکو هەرکەس بڕوای بەوەهەبێت کە تەقلید بۆخوێندەوار شەرمە و بەخورافات و بەناو فەرموودەی نادروستەوە سەرقاڵ نەبێ و بە پێی توانا ئایین خوازبێت، دەکرێ خۆی بەسەلەفی بزانێت، بەڵام ئێستا، کێ سەرکارە؟، هێشتا هەڵبژاردنیان نەکردووە!، تابزانم کێ دەنگ زۆر دێنێ!، ئەمەزانستە و خوای گەورە لە ئایەتی٧٦ی سورەتی یوسف دا دەفەرموێت: (نرفع درجات من نشاء وفوق كل ذي علم عليم)، پێغەمبەریش، درووود وسڵاوی خوای لەسەر دەفەرموێت: (بلغوا عني ولو آية فرب مبلغ أوعى له من السامع)، هەروەها دەفەرموێت: (من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين). سوپاس.

**ستاندەر: ئێستا رات چییە بەرامبەر بەدەروێش و صۆفی و تەریقەی تەصەوف؟.**

**عومەر چنگیانی:** سۆفی دەروێش، دوودەستەواژەن لەلای ئێمە کە بەکاردەهێنرێن، مەبەست پێیان، خەڵکانێکی دڵپاك و دڵسافن کە ڕێبازێك دەگرنەبەر، وادەزانن کە نزدیکترین ڕێگەیە بۆگەیاندنیان بەخوا لە خۆرازی کردن، بەڵام ئەوانەی دەستی ئەوان دەبڕن و بۆخۆیشیان راست ناکەن، ئەوانەن جێگەی پرسیار، تەسەووف ئەگەر مەبەست پێی، دەستەواژەی زوهد بێت، ئیبن و قەییمی جەوزی، ڕەحمەتی خوای لێبێت، کتێبێکی زۆر بەنرخی لەوبوارەدا هەیە بەناوی: (مدارج السالكين)، لەنێو ئەوکەسانەیشدا، کە ئیمامی بوخاری، ڕەحمەتی خوای لێبێت، کە فەرموودەی لێ وەرگرتوون، زێدەتر لە دووسەد دانەیان، بەسۆفی ناسراون لەسەردەمانی خۆیاندا، بەڵام ئێستا رام چییە و ئەوسا رام چی بووە، پرسیارێك نییە لای من ئەوەندە بەهای هەبێت، کورتی وکرمانجی کێ خزمەت بە کۆمەڵگە بکات و ڕێنماییکاری خێربێت و بایەخ بە زانست و بەرەو پێش بردنی گەل و نیشتمانەکەم بدات لێی مەمنوونم و سوپاس گوزاری هەم، لەبەرامبەریشدا هەرکەس دەست برۆ گەندەڵ بێت، لە ژێر هەرناوێکدا هەبێت، خۆشیم لێی نایەت و ئیتر هەرکەس و لە هەرپێگەیەکدا هەبێت.

**ستاندەر: چنگیانیت، یان سەلەفییت؟.**

**عومەر چنگیانی:** بەڕەچەڵك و وەك خەڵکی ناوچەیێتی باوك و دایکم چنگنیانی بوون و لەوانیشەوە ئەو شەرەفەم پێبڕاوە کە چنگنیانی بم و خزم و عەشرەت و پشتیوانێکی زۆرم بۆپەیدابێت لەلایەکی دیکەیشەوە، خوایان لێ ڕازی بێت ڕەز و باغ و ئاو و زەویم لەچنگنیان بۆماوەتەوە، شانازی دەکەم بەوەی کە خەڵکی گوندێکم، بەوەناسراوین هەردەم قوتابخانەی ئایینی و فەقێ و مزگەوت و حوجرەمان هەبووە و لەکۆنەوە تابەئەمڕۆ گوندەکەمان قوتابخانەی تێداهەبووە وهەیە و بۆ نیشتمان پەرەوەرێتیش، شێخی نەمر، ڕەحمەتی خوای لێبێت، هەرکات هاتووەتە گوندی چنگنیان بۆماوەی چەندرۆژێکی درێژخایەن لەماڵی(ڕەسوڵ ی دەروێش عبد الرحمن ی شابان) ی باوەگەورەمدا ماوەتەوە، خەڵکانێکی زۆر ئەوراستیە دەزانن و لە شۆڕشەکانی دیکەی رزگاری خوازیدا، هەر دەم پێشمەرگەیشمان هەبووە و خزمەتمان کردووە بە شۆڕش و ئەوە بۆ من زۆرزۆرجێگەی شانازیە، بۆ بیر و هزری ئایینیشم گومانت لەوەدا نەبێ، بیری دووری لە خورافات و شوێنکەوتنی بەڵگە و عەقڵ و مەنتیق بەخوێنمدا دەگەڕێ، جەنابیشتان ئازادن تەعبیر لەوبیرەم بەچی دەدەنەوە و ناوی دەنێن چی.

**ستاندەر: بەرای تۆ حزبەئیسلامییەکان نوێنەری ڕەوتی ئیسلامیین؟.**

**عومەر چنگیانی:** ئەوحزبە ئیسلامیانەی کە هەن و بەشێکن لەپارلەمان و حکوومەت، ڕێزیان لێدەگرم ئەوانیش کەلێنێك پڕدەکەنەوە، بەڵام بڕوام بەوەنییە کەس و هیچ لایەنێکیش بەوە شایانە ئەوناوە زلەی تۆ فەرمووت لێی بنرێت، نە لە کوردستان و نە لە دەرەوەی کوردستاندا.

**ستاندەر: رات هەیە ئیسلامییەکان دەستەڵات بگرنە دەست، یان متمانەی توانا و بەڕێوەبردنت پێیان هەیە؟.**

**عومەر چنگیانی:** سندوقەکانی دەنگدان ئەوە یەکلادەکەنەوە و متمانەی من، ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینێت، خوای گەورە، لە ئایەتی١٠٥ی سورەتی(التوبة)دا، دەفەرموێت: (وقل إعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون)، پێغەمبەری خۆشەویستیشمان، درود وسڵاوی خوای لەسەربێت، دەفەرموێت:(باشترین مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە، کە بۆ مەردمگەل باشترو بەسوود تربێت).

**ستاندەر: چۆن دەڕوانیتە حزبە ئیسلامییەکان یەکگرتوو کۆمەڵ و بزوتنەوە؟.**

**عومەر چنگیانی:** ڕەنگە پاش و پێشێکتان لەناوەکاندا کردبێت، چونکە بە پێی دروست بوونیان، هەندێکیان دایکن بۆ هەندێکی دیکەیان، بە هەرحاڵ ئەوانە، وەك گوتم واقیعێکن هەن و من بڕوام بەواقیع بینی زۆرە.

**ستاندەر: تاچەند لەپارتی رازییت؟، ئایا ڕێبازی بارزانیت گرتۆتەوە؟.**

**عومەر چنگیانی:** ئاخر لە پارتی رازی بوون یان نارازی بوون چی بە ئێوە دەگەیێنێت؟، بەڕێز بگەڕێرەوە بۆنووسینەکانی خەباتم و دواین نووسینی ساڵی ٢٠٠٨لاپەڕە ١١، ٢٦ی١٢ی٢٠٠٨، لەژێر سەردێڕی ((عومەری کوڕی خەتاب)ئەو کەسایەتییەی، لە ساتە ناسکەکاندا، زۆرتر یادی دەکەم، تابزانی کە تێیدا گوتوومە: (پشتیوان بەخوا ئەوەندە ڕەشبین نابم، کە بڵێم: ڕەنگبێ ئەمساڵیش، زۆربەمان هەربەدەست خۆزگە مرێنراوەکانمانەوە بناڵێنین و لە نەبوونی و کرێچێتی و بێ ژیانی و دەردە سەری و سەیری ئۆتۆمبێلی جام ڕەش و کۆشکی پرلەماشائەڵڵای درۆیینەدا، ببەینەسەر) خراپترو بەد تری لێهات. گوتم: (ئەوەندە ڕەشبین نابم، کە بڵێم: ڕەنگبێ ئەمساڵیش خێزان و کیژەکانمان، کاتیان بەوەبەرنەسەر، کە بەباڵای جوانی ئارایش کراو و لە زێرگیراوی خانمانی زۆربەی بەناو بەرپرسە، لە خوانەترسە، لە لێپێچانەوە بێباکەکانمان، بنواڕن)بەڵام هەروا دەرچوو و بەگەندەڵان دەیانەوێت چارەی گەندەڵی بکرێت. ئەوکات گوتم: (نا بەخوا بەوپەڕی ئازایەتی و بوێریی و گەشبینییەوە ڕووبەڕووی ساڵی نوێ دەبمەوە) بەهەڵەدا چووم زۆرێك لەگەش بینییەکەم پاراسیتامۆڵ بوو، دامە خزمەت خوێنەران، لەگەڵ ئەوەیشدا، کە (هیچ کات لەهەقبێژی، سەرم نەکردۆتەوە!)جارێکی دیکەیش دەڵێم: (بڕوام بەبەزاندنی سنووری ئەدەب نییە و بەس، دەنا هەرمنم کە لەسەروبەندی دروستبوونی کابینەی پێنجی حکوومەتی کوردستاندا، زۆربەڕاشکاوی گوتوومە: لەو سەردەمانەی کە ئیمامی ماوەردی تێیدا دادوەربوو، بایەخدانی حاکمەکان، بەخۆشگوزەرانی خۆیان و زیادەڕەویکردن لەخەرجکردنی ماڵ و سامان و داهاتی دەوڵەتە ئیسلامیەکان و بەتەنگەوە نەهاتنی ڕەعییەت و هاووڵاتیان، لە سنووری تێدەپەڕێنێت و ئافرەتبازی بەشێوەیەکی زۆر بەربادی وا دەبێت، کە ژیانیان هەردەبێت بە کەنیزەك و کەنیزەککاری. لەوسەروبەندانەی مێژوودا، بارودۆخی سیاسیی، سات لەدوای سات بەرەو پەرتەوازەیی ودارمان دەچێت و گەندەڵی ئیداریی و دابەشکردنی دەسەڵات و کورسی لەسەربنەمای مەحسوبییەت و خزم خزمێنەیەتی

باڵی دەکێشێت بەسەر ژیانیاندا و خەڵکی لە هەژارییەکی بێسنووردا دەژین و برسێتی وڵاتەئ ئیسلامییەکان

بۆ لاپەڕە ١٥

Monday 19 Jun 2009 No. 62 Second year
standar2007@gmail.com
دووشەممە 19ی کانونی دووەم 2009 ژمارە (62) ساڵی دووەم